# سێبەری یوتوبیای عیشق

چنار نامیق



ئەو ساتانەی
دەریای مەنگی خەیاڵم دەشڵەقێ
تاسەی دیدارێکت دەکەم
دەڕوانمە هەوارگەی چۆڵت
سەیرە هێندە
بەتێڕوانینت ئاشنابووم..و
چاوەکانم لە ئاستتدا نابینا بوون
کە ژیان دەبێتە یوتوبیا
دەرژێمە سەر شەقام و
قوڕو لیتاوی شۆستەکان.. دادەشۆرم
لەگەڵ تەرمی گەڵاکاندا
جێژوانێکی مات دەبەستم
بەگوێی ئەندێشەم دەچرپێنی

ماندوو نەبوویت
سەرما پەنجەی نەتەزاندی
نەختێر ئازیز
کە درەختەکان بۆنی یادگارتم
بەسەردا دەهێنن
لەودیو دیواری یوتوبیاوە
سێبەری بەژنت دەبینم
چاو بۆ دیدارم دەگێڕێت
منی ماندووش رادەچەنم
ئەگەر بەخەونیش بتبینم
ماندوێتیم دەحەسێتەوە
دڵنیاشم
لەڕۆژێکدا بەڕێکەوت دەتبینمەوە..
رۆژێک بە دووی
سێبەری بایەکدا فڕیم،.
لە رەوتیدا بەتۆ دەچوو
ئای چەند مەست بووم، ئەوساتانە
دڵنیاش بووم
دەستی قەدەر دەتئاژوا..و
لێت ناگەڕێ لام بمێنی
کە لە خەیاڵی مەستمدا
رابووەمەوە
دە هێندەی تر شادوومان بووم
کە بەیوتوبیاش دەتبینم
با ژیان لە عیشقی تۆدا
لە زەینی من یوتوبیا بێت... بێ کۆتایی
تا ریتمێک بەڕەوتی بدەیت.
زەمەنێکە
لەژێر ساباتی گەڵا زەرد هەڵگەڕاوەکاندا
گۆرانیت بۆ دەڵێم و
سێبەری بەژنت لە ئامێز دەگرم
لەپڕێکا لێم ئاوادەبێ...
چاوەڕێی شەوێکی دیکەم
لە خەونێکدا...
بەڕێکەوت
بتبینمەوە!

